# جەنگ هەڵخەڵەتاندنە

لە ئەبی هورەیرە وجابرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «جەنگ هەڵخەڵەتاندنە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

جەنگ پیلان وهەڵخەڵەتاندنە واتا هەڵخەڵەتاندنی کافرەکان وپیلانگێڕی لە دژیان لە کاتی جەنگدا دروستە، بۆ ئەوەی تووشی زیان ببن وزیان لەسەر مسوڵمانان کەم ببێتەوە، وئەمیش کردەوەیەکی ناڕەوا نییە لە شەریعەتدا، بەڵکو لە داواکراوە، ئیبن مونیر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: (باشترین جەنگ بۆ ئەنجامدەرەکەی کە کامڵ بێت لە مەبەستدا ئەوەیە کە هەڵخەڵەتاندنی تێدا بێت نەک ڕووبەڕووبونەوە، وئەمیش بەهۆی ئەگەری ترسناکی ڕووبەڕووبونەوە، وهەڵخەڵەتاندن زیان گەیاندنە بە بێ ترسناکی). وهەڵخەڵەتاندن مانای ستەمکردن وشکاندنی پەیمانی نێوان مسوڵمانان ودوژمنەکانیان نییە، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوۡمٍ خِيَانَةً فَٱنۢبِذۡ إِلَيۡهِمۡ عَلَىٰ سَوَآءٍ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡخَآئِنِينَ} [الأنفال: 58] واتە: {وە ئەگەر بەڕاستی مەترسیت کرد لە ناپاکی دەستەیەک (کە پەیمانەکەیان بشکێنن) ئەو کاتە (پەیمانەکە) فڕێ بدەرەوە بۆیان بەڕێکی تا بەرامبەر بن بەڕاستی خوا ناپاکانی خۆش ناوێت}، واتا ئەگەر لە نێوان ئێوە وکۆمەڵانێک پەیمان هەبوو؛ وئەوان پەیمانەکەیان هەڵوەشاندەوە ئەوا ئێوەش هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکە ڕابگەیەنن پێش ئەوەی جەنگیان بەرامبەر بەرپا بکەیت، بۆئەوەی هەردوو لا یەکسان بن، وهەروەها بۆئەوەی ناوبانگی سوپای مسوڵمانان زیانی بەر نەکەوێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4956